کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 22:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕوونکردنەوەی سایتی بزووتنەوەی ئیسلامیی سەبارەت بە کوشتنی دۆعاخان

کوشتنی دۆعاخان مەحکوم و ریسوا دەکەین

لەم چەند رۆژەی رابردوودا لە پێگەکانەوە دیمەنێکی ڤیدیۆیی کوشتنی کیژێکی ئێزیدی تازە موسوڵمانبوو بڵاو کرایەوە کە بە دوڕندانە ترین شێوە لە لایەن ئێزیدییەکانەوە بەردباران کرا، سەرەتا ئەم کارەناپەسەندو دوور لە هەموو داب و نەریتێکی ئینسانیی و ئایینی مەحکوم و ریسوا دەکەین و داواکارین لە کاربەدەستان کە بەزووترین کات ئەنجامدەرانی ئەو کارە دوڕندانەیە بەسزای خۆیان بگەیەنێت، هەرچەندە جێی سەرنج بوو کە کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی بەهەموو بەشەکانییەوە بێدەنگییان پێوە دیار بوو، بەڵام ئەوەی کە جێی باس بێت و گرنگ بێت لەم رووداوە بێ وێنەیەدا ئەوەیە کە دەبێت بۆ کوشتنی مرۆڤ ئەوەندە ئاسان بووبێت بەوشێوەیە و لەسەر شەقامی گشتیی و لەبەرچاوی هەموو کەسێکەوە کیژێکی تەمەن 17 ساڵ بەرد باران بکرێت و پاشان دوای کوشتنەکەشی وازی لێنەهێنرێت و زیاتر ئیهانەو سووکایەتی پێ بکرێت؟! دەبێت ئەو تاوانەی دۆعا خان چی بێت کە مستحق بەو شێوە کوشتنە بووبێت؟! گوایە دۆعاخان لەسەر کێشەی ئەخلاق کوژرابێت، بەڵام ئەگەر بکوژانی دۆعاخان راست دەکەن کە دۆعا کاری نا ئەخلاقی ئەنجام داوە، چۆن خۆیان لەکاتی کوشتنەکەیدا بەو شێوەیە رووتی دەکەنەوە و بێ شەرم و بێ هیچ گوێدانە داب و نەریتێکی کوردەوارییی و ئایینیی بەبەرد سەری پان دەکەنەوە!!! بەڵام دۆعاخان بەگوێرەی وتەی هەندێ لەپیاوانی ئێزیدی دوای ئەوەی کە گەنجێکی موسوڵمان دوای دەکات، ئەویش رەزامەندی خۆی دەردەبرێ و موسوڵمانبوونی خۆیشی رادەگەیەنێ، دوای ئەوەی کەئەم هەواڵە دەگاتەوە بە کەس و کارو خزمانی دۆعاخان بەو شێوە دوڕندانەیە تیرۆری دەکەن، بۆیە ئێمەش لەسایتی باسکەوە سەرەخۆشی لەسەرجەم گەلی کورد و موسوڵمانانی جیهان دەکەین و هیواداریین کە خوێنی گەشی بەناحەق رێژراوی ئەو کیژە موسوڵمانەیە بەفیرۆ نەروات و بەرپرسان بە دواداچوونی بۆ بکەن.

سایتی باسك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.